گۆڤاری ئینتێرناسیۆناله پۆلیتیک[1] ژمارەی 3 ئاپڕیلی 2011

## له کوردستانی هێدی دا[2]

فریدبێرت پفلوگەر[3]

رەحیم بەهرام زاده له ئاڵمانییەوه کردوویه به کوردی

ئەوەی بیر له عێراق دەکاتەوه شەڕ، تەقینەوه و تێرۆرری دێته بەر چاو. بەڵام دوایین تەقینەوەی له ناوچەی ئۆتونۆمی کوردستان له باکوری عێراق روویدا له مانگی مارسی 2008 دا بوو. له هەولێری پێتەخت که پتر له یەک میلیۆن کەسی لێدەژی، ژیان زۆر ئاساییه. لەوێ شەقامی نوێ، تونێل، پرد، هۆتێل، ریستورانت و شۆپینگسێنتێر دروستکراون (زۆربەیان له لایەن کۆمپانییه تورکەکانەوه سازکراون). بەر له ماوەیەک فرۆکەخانەی نوێ و مودێرن تەواو بووه. له سایەی لوفتهانزا و ئەیربێرلینەوه له ئاڵمانەوه به چوار سەعات دەگەیه هەولێر.

سەرەڕای ئەوەش هێشتا کۆمپانییا ئاڵمانییەکان لەوێ، بوونیان نییه. جگه له چەند کۆمپانیایەک هێشتا کۆمپانییه ئاڵمانی و ئوروپاییەکان ئابووری باکوری عێراقیان نەبینیوەتەوه. ئەوان له خەرجی زۆر بۆ هێزی ئیسکۆرت و پاراستن دەترسن (ئەو شتەی له مێژه هەر پێویست نییه) و مەیدانی ئەو پێشکەوتنه خێرایانەیان داوەته دەست کۆمپانیا تورک و ئاسیاییەکان.

هەڵسەنگاندنی به هەڵەی هەل و مەرج زەرەری زۆر له هاوکاری ئابوری نێوان کوردستان و ئوروپا دەدا. فیوریەی ساڵی 2011 سەرەکوەزیری کوردستان کارتێکەری زۆری کرده سەر بەشدارانی کۆبوونەوەی ئابوری داڤووس و له ناکاو باسی بەستنی کۆنفرانسێکی گەوره له هەولێر کرا. بەڵام هەر ئەوکاته لەبەر نەبوونی هێمنی خرا دوواوه و کاتیش بۆ دیاری نەکرا. ئەوه نەناسینی سەقامگیری باکوری عێراق و شانسی کوردانه بۆ سەربەخۆ جوولانەوەیان.

### ئەزموونی پڕ له ئازاری ژێنۆسید

کەم گەلی ئەم دنیایه ئەوەندەی گەلی کورد بۆته قوربانی شەڕ، راونان و دابەشبوون. کانگای بەبەرەکەتی وڵاتەکەیان بەردەوام نیگای دراوسێ چاوچنۆکەکانی بەرەو خۆی راکێشاوه. پاش شەڕی جیهانی یەکەم وڵاتەکەیان بێ له بەرچاوگرتنی ئیرادەی گەل له نێوان تورکیا، سوریا، ئێران و عێراق دابەش کرا. له ساڵانی هەشتای سەدەی رابردوودا ئەو خاکه بووه مەیدانی شەڕی ئێران و عێراق. کوردەکان له ترسی غەزەبی سپای بەغدا و داپڵۆسینی سەدام حوسەین پەنایان برده بەر شەڕی پارتیزانی. لەو ئۆپەراسیۆنانەی ساڵانی 1987/88 که به ئانفال ناویان دەرکردووه، به کەڵک وەرگرتنی سیستیماتیکی گازی شیمیایی سەدان گوندی کوردان کاول کران. 000 180 کەس راگوێزران و کوژران. 16ی مارسی 1988 فرۆکه شەڕکەرەکانی عێراق به بۆمبی شیمیایی هێرشیان برده سەر شاری هەڵەبجه. له ئاکامی ئەو هێرشەدا 5000 کەس به ئازاری زۆرەوه مردن، دەیان هەزار کەس بریندار بوون، ژنان دەستدرێژیان کرایه سەر و بۆ سنوورەکانی ئەفریقا بران. شێوەی ژیانی گوندی تێکرمێندرا و کشتو کاڵیان له ناو برد.

مەزرای پڕپیت، رووبار و زەریای ئەو ولاتە دەوڵەمەندە ئێستاش خۆی نەگرتووەتەوە. بۆیە سەیر نییە کوردەکان هاتنی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ عێراق بە شەڕی رزگارکردن دادەنێن. ئەوە هەڵەیەکی مەزنە ئەگەر پێمان وابێ بەر لە خۆتێوەردانی ئەمریکا ئاشتی باڵی بەسەر وڵاتەکەدا کێشابوو. ئەوەی ئیدیعای ئەمریکا بە بوونی چەکی کۆکوژی لە عێراق بە پڕۆ پاگاندا دادەنێ، نابێ لەبیری بچێ، سەدام ئەو چەکانەی بێ بزەییانە دژی گەلی خۆی بەکار هێنابوو.

کۆکردنەوەی و سیستیماتیزەکردنی دۆکۆمێنتی ئازاری گەلی کورد تازە دەست پێدەکا. ئەوەی کوردان بە „هۆلۆکستی کوردان“ ی ناو دەبەن و پاکتاوکردنی ئێتنیکی لە لایەن سەدام حوسەینەوە، گرنگایەتیەکی تایبەتی هەیە بۆ دروستبوونی ئایدەنتیتی (کێیەتی) و پێداگرتنی گەلی کورد لەسەر بوونیان وەکو گەل. یەکێ لەو دەرسانەی کوردەکان لە رابردوویان وەرگرتووە ئەوەیە هەولێر بەپێی قانوون لە یاسای بنەڕەتی عێراقد بوونی سپای کوردی „پێشمەرگە“ ی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە.

ئەو سپایە، بە باشی راهاتوو و ئامادەی نەبەردە، 180 000 کەس دەگرێتە خۆی، ئەویش بۆ ناوچەیەک کە تەنیا چوار میلیۆن کەسی لێدەژی. جگە لەوە، زۆربەی کوردەکان چەکیان هەیە و لە کۆمۆدی ماڵدا دەیپارێزن و کاتێ مەترسییان لەسەر بێ، دەستی دەدەنێ. ئەگەر مەترسی جیدی بێ، لە ماویەکی کورتدا میلیشیا کوردەکان لەوەش زۆتر دەبن. پەیام زۆر روونە: هەر گیز نابی هەڵەبجە دووپات بێتەوە.

**ئاوادانکردنەوەی بۆ مۆدێل دەبی**

یاسای بنەڕەتی عێراق ئۆتۆنۆمیەکی زۆری بە کوردان داوە. بە سەرکردایەتی مەسعود بارزانی کوڕی سەرکردەی ئەفسانەیی کورد مستەفا بارزانی، کورد تا ئەو جێیەی دەگونجێ و دەکرێ بڵێین تا سەربەخۆبوون، کەڵک لەو ئۆتۆنۆمییە وەردەگرێت، بێ ئەوەی دژی حوکومەتی ناوەندی بەغدا بوەستێ. بەپێچەوانەوە: لە کۆنگرەی پارتی دێمۆکراتی کوردستان (KDP) 11ی دێسەمبری 2010 لە هەولێر، سەرجەم سەرکردایەتی سوننە و شیعەی عێراق، لە نوری مالیکی وئەیاد عەلاوەییە بگرە تا عەمەر ئەلحەکیم بەشداربوون. ئەوە نیشان دەدا چەندە بە ڕێزەوە چاو لە دەسکەوتی کوردان لە بواری ئاوادانکردنەوەدا دەکرێ. تەنانەت سەرکۆنسولی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیگوت کوردەکان „باشترین عێراقی“ ن.

سەرەڕای ئەو هەموو دەستکەوتە، لیستی ئەو رێفۆرمانەی کوردەکان گەرەکیانە بیکەن درێژە: دابەشکردنی هێزەکان، مافی یەکسان بۆ ژنان، ئازادی چاپەمەنی، دژایەتی لەگەڵ گەندەڵی. لە سولەیمانی دووهەم باژێری گەورەی ناوچەی کوردی، بزووتنەوەی ئۆپۆزیسیۆن „گۆڕان“ هاتۆتە مەیدان و لە هەڵبژاردنی پێشووی پاڕلمانیدا، 25 کورسی لە سەد کورسی بردەوە. گۆڕان زیاتر لە هەموو کەس دژ بە پیاوی بەدەسەڵاتی سولەیمانی جەلال تاڵەبانی سەرۆکی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان (PUK) کە هاوکات سەرەک کۆماری هەموو عێراقە، دەجولێتەوە. ئۆپۆزیسیۆن کەڵک لە رووداوی وڵاتی عەرەبی وەردەگرن بۆ ئەوەی لە کوردستان خۆپێشاندان بکەن.

نارازیبوون زۆرتر دژی نەبوونی پێداویستی رۆژانە، بۆ وێنە نەبوونی کارەبا و ئاو، کەمبوونی ئیمکاناتی پەروەردە و کارە. تەنانەت خۆپیشاندەرانیش دەبێژن: لە ناوچەی کوردیی باکوری عێراق

سەقامگیری نیسبەتەن پتەوە و ئازادییش هەیە. بەڵام بۆ ئەوەش نابێ پێی بێژین دیموکڕاسیی وێستمینستەر. پێوەندی و نەریتی عەشیرەی و باوکسالاری ئێستاش بەهێزن، بەڵام هێدی هێدی ریفۆڕمیش بەڕێوەدەچی. جیاوازی سەرەکی لە بەراورد لەگەڵ دراوسێکان ئەوەیە چاودێرە نێونەتەوەییەکان هەڵبژاردنی پارلمان و سەرەککۆمارییان بە ئازاد ودیمۆکڕاتیانە ناوبرد.

**پتر لە ئاوتۆنۆمی**

سەرەڕای ئاڵ و گۆڕی پۆزیتیڤ لە باکور، مێعماریی دەوڵەتی عێراق و داهاتووی ناڕوونە و تەنیا دەستی دەسەڵاتی هەریمی کوردی ئاواڵەیە. ئایا هەولێر بۆی هەیە بێ ئیزنی بەغدا دەست بەسەر کانگاکانی خۆی، بە تایبەت نەوت و گازدا بگرێ؟ کوردستان بۆی هەیە مۆڵەتی هەڵکۆلین بە کۆمپانیە نێونەتەوەییەکان بۆ دەرهاوردنی گاز و نەوت بدا؟ وێدەچێ لە سەرەتای ئەم ساڵەوە لەسەر ئەم پرسیارە سەرەکیانە هەر دوولا بسازێن. سەرەڕای ئەوەش بەغدا سزا بەسەر ئەوکۆمپانیانەدا دەسەپێنێ کە لەگەڵ هەولێر کۆنتراکتیان بەستووە: ئەوان ئیتر لە بەغدا و بەسرە شانسیان نامێنێت.

پرسیاری دیکەش بێ وەڵام ماونەوە. ئایا پێشمەرگە بە دەوڵەتی عێراق وەفادار دەمێنێتەوە، یان لە داهاتووی درێژدا دەبێتە سپایەکی گشت کوردستان و هەوڵ بۆ سەربەخۆیی دەدا؟ هەموو سەرکردە کوردەکان بە لێبڕاوییەوە حاشا لەو هەوڵانە دەکەن. کوردستان لە عێراقی ئێستادا خاس بەرەو پێش دەچێ و کورد وەکوو „گەلی دووهەمی عێراق“ قورسایی تایبەتی لە بەغدا هەیە و سەرکردە کوردەکان رێز لە بڕیاری کۆمەڵی نێونەتەوەیی بۆ پاراستنی خاکی عێراقیش دەگرن. بێ گومان سەرکردە کوردەکان لە هەولێر دەزانن یەکگرتنەوەی هەموو کوردستان نەک هەموو دراوسێکانیان لێ دێنێتە مەیدان، بەڵکوو دەستکەوتەکانی ئیستاشیان دەخاتە مەترسییەوە. ئێستا بارزانی و رەکەبەرەکەی- تاڵەبانی، لەسەر ئەو خاڵانە لە ناوچەدا کۆکن: خۆگونجاندن لەگەڵ دراوسێکان، وەفادار بوون بە بەغدا و پێوەندی پتەوە لەتەک تورکیا، ئوروپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

ئەوە تیئۆری، بەڵام لە دەرەوی کوردستانی عێراق باژێرگەلی موسڵ، ناوچەی وا ئەلقاعیدە لێی بەهێزە و نەینەواش هەیە. ئەوانە شوێنی مێژوویی لەدایکبوونی گەلی کوردن. هیچ سەرکردەیەکی کوردیش لە کەرکوکی دڵی کوردستان خۆش نابێ. نەک هەر لەبەر چاڵە نەوتەکان. لەم دووایيانەدا زۆربەی ئەو کوردانەی سەدام حوسەین راوینابوون گەڕاونەتەوە بۆ باژێرەکە. ئەوان ئاماژە بە یاسای بنەڕەتی عێراق دەکەن کە لە ساڵی 2007 وە پێشبینی سەرژمێری خەڵکی سەر بە نەتەوە جیاوازەکانی کردووە و هەولێر گومانی لەوەدا نییە زۆرینەی خەڵکی ئەوێ کوردن و سەرژمێری بەلای کورد دا دەشکێتەوە. لە بەر ئەوەی گرژی لە نێوان ئێتنییە جیاوازەکاندا، کە بێگومان بوونی هەیە، نەتەقێتەوە تا ئێستا ئەو سەرژمێرییە نەکراوە. لە کۆنگرەی ساڵی 2010 ی پارتی دێمۆکڕاتی کوردستان بارزانی گفتی دا کەرکوک بکاتە شارێکی فرەگەلی لەژێر ئیدارەی هەرێمی کوردستاندا. ئەو بەئیحتیاتەوە لەگەڵ ئەو کێشەیە دەجوولێتەوە و دەزانێ کێشەی نێوان گەلانی دانیشتووی کەرکوک، کورد، عەرەب و تورکمان، لەوانەیە ئەو سەقامگیرییەی لە ناوچەکەدا هەیە بخاتە مەترسییەوە. بۆ هەموو لایەک باشترە، ئەمریکاییەکان، کە خەریکن لە عێراق بکشێنەوە، هەر نەبێ لەم ناوچەیەدا بمێننەوە.

**توركیا بازرگانی دەكا و ئوروپا دوودڵە**

سەقامگیری هەمیشەیی بە قازانجی كۆمەڵی نێونەتەوەییە. تا ئێستا تەنیا توركیا لە كوردستان دەستپێشخەری جیدییە. وەزیرەكانی ناوخۆیان بەردەوام ئاڵ وگۆڕی زانیاری دەكەن. هەر دوو لا پێوەندی باشیان لەتەك یەك هەیە و پڕ بەدڵ هەوڵی پاراستنی پێوەندییەكان دەدەن. دژایەتی هەر دوو لا لەگەڵ تیرۆر و وەگەڕخستنی سەرمایە دوو بواری گرنگی پێوەندی دوو لایەنەن. توركیا بەرە بەرە دەبێتە „هێژۆمۆنی“یەكی باش بۆ كوردان. ئانكارا بۆی دەركەوتووە هەولێر خەونی كوردستانی گەورە نابێنی و ژیرانەتر ئەوەیە بە ئاشتی لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردی بژی. لەوە دەچێ ستراتیژی ئاشتبوونەوەی ئەحمەد داوود ئۆغلۆ سەركەوتوو بێ. لە هەموو ناوچەكە كارتێكەری توركیا پتر دەبێ و كەسیش ئەوە بە هەڕەشە نازانێ.

29 مارسی 2011 سەرۆك وەزیری توركیا رەجەب تەیب ئەردوگان سەردانی باژێڕی هەولێری كرد. ئەو و مەسعود بارزانی پێكەوە فڕۆكاخانەی نێونەتەوەیی هەولێریان كردەوە. هاوكاتیش هەر دوو لا لە پێداویستی ویزا بۆ هاتوو و چۆ لە نێوان دوو وڵاتدا چاوپۆشیان كرد.

ئێستە نۆبەی یەكییەتی ئوروپایە زۆرتر سەرنج و بایەخ بداتە دەستكەوتەكانی ئاوەدانكردنەوەی كوردەكان لە باكوری عێراق. هەنووكە كۆنسولی گشتی ئاڵمان لە هەولێر، ئۆفیسی هاوكاری ئابوری ئاڵمان و عێراق و قوتابخانەیەكی ئاڵمانی كراوەتەوە. یەكییەتی ئوروپا و ئاڵمان دەبێ زۆرتر سەرنج بدەنە هەوڵی ئاوەدانكردنەوە و چالاكانە پشتیوانی لە دێمۆكراسی كوردی بكەن.

لە باكوری عێراق 120 000 مەسیحی دەژین. لە عەنكاوە، گەڕەكێكی بازرگانی هەولێر، كلیساكانیان سەربەرز لە پەنای مزگەوتەكاندا وەستاون. پێكەوەژیانی خەڵكی سەر بە ئایینی جیاواز لە وڵاتێكدا كە زۆرینەی موسڵمانن، دەكرێ ببێتە نموونەیەك بۆ ناوچەی دیكەی ئیسلامی. لە ئوروپا كەم كەس ئاگای لەو دەستكەوتە مەزنانە هەیە. ئەم دەستكەوتانە هێشتا تەواو سەقامگیر نین. بە شەریكایەتی ئاڵمان و ئوروپا دەكرێ وەك سەكۆیەك بۆ ئارامكردنەوەی عێڕاق كەڵكیان لێوەربگیردرێت.

---

[1] گۆڤاری Internationale Politik گۆڤارێكی مانگانەی ئاڵمانییە، كە بە چوار زمای ئاڵمانی، ئینگلیسی، رووسی و چینی بڵاو دەبێتەوە.

[2] سەردێڕی ئەو بابەتە ئاماژەی ئاوێتەی تانە بە رۆمانی بە ناوبانگی نووسەری ئاڵمانی "كاڕل مای"یە بە ناوی "لە كوردستانی دڕندەدا".

[3] پرۆفیسۆر دۆكتۆر فریدبێرت پفلوگەر (Prof. Dr. Friedbert Pflüger) دێرێكتۆری EUCERS لە King's College London و یەكێك لە خاوەنەكانی KGE Business Alliances GmbH In Berlin/Erbil ە.